# کاریگەریی، بەشێک لە مانای دەق

## «خوێندنەوەی شیعرێکی یوونس ڕەزایی»

**ئەحمەد چاک**
**(بۆکان)**

ئەم وتارە هەوڵ دەدات بە هەڵبژاردن و لێکدانەوەی شیعرێک لە شیعرەکانی یوونس ڕەزایی بیسەلمێنێ کە مانایەکی دیاریکراو و تاقانە بۆ دەقی شیعری (شێت) بوونی نییە. گرینگ ئەو لایەنەیە کە کارتێکەریی لەسەر خوێنەر هەیە و هانی خوێنەر دەدات بیر بکاتەوە و لە دەقەکە ڕامێنێ.

(١)

دوای ئەوەی شیعری (شێت) هەبوونی خۆی لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا چەسپاند، هەندێک ئاماژە لە لایەن هەندێک کەسەوە هاتە گۆڕێ کە باسیان لە درەنگ دەستەمۆ بوونی مانای ئەم فۆرمە تازەیە دەکرد، بە بێ ئەوەی سەرنج بدەنە ئەو لایەنەی کە شیعری سەردەم بە هۆی ئەو پێکهاتە جیاواز و تێکچنراوەی کە هەیەتی، ناتوانێ خاوەنی مانایەکی بەردەست، تاقانە و بێ ئەم لا و ئەولا بێ. خەونی وەدەست هێنانی مانایەکی لەم جۆرە لە دەقی کلاسیکیشدا هەر نایەتە دی، چ جای شیعری سەردەم کە لە ژیانی ئاڵۆز و زەینی پڕ لە هەرای مرۆڤی هاوچەرخەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەی لەم دەقانەدا گرینگە، جگە لە کارکردی شاعیرانە و جوانیناسانە، کارتێکەری ئەم دەقانەیە لەسەر خوێنەر. ئەم کارتێکەرییە لە چەشنی کارتێکەری کۆپلەیەکی مۆسیقایە کە بە بێ ئەوەی بۆ دالێکی تایبەت بیگەڕێنینەوە تا چێژی لێوەردەگرین، یان چەشنی تابلۆیەکی هونەرمەندانەیە کە ڕەسمێکی زۆر زەینی تێدایە و ڕەنگە هیچ مانایەکی تایبەتی تێدا نەدۆزینەوە، بەڵام چێژمان پێ دەبەخشێ و هانمان دەدا بەرەو دنیای بیرکردنەوە و ڕامان بڕۆین. ئەم ڕامانە کارتێکەریی دەقی ئەدەبییە لەسەر بەردەنگ کە هەر خۆی بە مانای تێگەیشتنە لە دەق، یان هەر بەشێکیشە لەو تێگەیشتنە(١).

دژواریی شیعری سەردەم دەتوانێ بەرهەمی نەبوونی یەکجارەکی مانایی بێ(٢). لەم دەقانەدا، مانا شتێکی نەگۆڕ و ڕاوەستاو نییە، بەڵکو هەر جارەی بە شێوازێک خۆی دەنوێنی و هەر جارەی بە چەشنێک ئاوێزانی زەینی خوێنەر دەبێ. ناکرێ لە سۆنگەی لێکدانەوە و شرۆڤە و ڕاڤەوە یەک جار و بۆ هەمیشە مانایەک مسۆگەر بکەین، ئەم دەقانە کە هەڵگری چەند مانا و لێکدانەوەن، دەرفەتی ئەوە بۆ خوێنەر دەڕەخسێنن تا بەشداری لە سازدانی مانادا بکات و سەر لە نوێ دەقێکی دیکە بنیاد بنێتەوە.

دارشتی جیاوازی شێوازی شیعری (شێت) لە هەر خوێندنەوەیەکدا کارتێکەری و کاریگەرییەکی جیاواز و جاری وایە لێکدژیش بەدی دێنێ و وادەکات خوێنەر لە هەر خوێندنەوەیەکدا دژکردەوەیەکی جیاواز بەرانبەر دەق بنوێنێ و هەر جارەی بە مانایەکی جیاواز سەرسام بێ، ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مانا بەردەوام وەدواکەوێ؛ مانا چەشنی تابۆیەکی سرک و سڵ لە بەردەم



**یوونس ڕەزایی**

خوێنەر ڕابکا و وەک دیاردەیەکی خزۆک بە تەواوی دەستەمۆ نەبێ، بە گشتی مانا دیاردەیەکی بگۆڕە.

تایبەتمەندییەکی دیکە کە بە شوێن تایبەتمەندی یەکەمدا دێ، ئەو بابەتەیە کە لە ژێر سەردێڕی ئیبهام(٣)، یان تەماویدا باسی دەکەن. تەماوی لە بنەڕەتدا بە مانای بە شاراوەیی قسە کردنە. ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کلاسیکدا وەک خاڵی لاوازکەری دەق دەهاتە ئەژمار و لە زانستی ڕەوانبێژیدا لە ژێر ناوی کەمایەسی ڕەوانبێژیدا(٤) باسی کراوە، بەڵام ئەمڕۆکە لە ئەدەبی مۆدێرندا ئەم وشەیە باری مانایی ئەرێنی پەیداکردووە و وەک خاڵی بە هێزی دەق باسی لێ دەکرێ.

ویلیام ئێمپسۆن باسی لە حەوت جۆر تەماوی کردووە، بەڵام سەرەکیترین حاڵەت ئەو کاتەیە کە دەق بە هۆی هەبوونی گەمەی زمانی و تەکنیکی ئەدەبییەوە دەگاتە ئاستی چەند مانایی، کاتێکیش هاوکات چەند مانامان لە زەیندا بێ، ئەوە وا هەست دەکەین کە دەق دیاردەیەکی ئاڵۆز و لێڵ و سرک و ناکەوییە. بەگشتی ئەوەی لە هونەری مۆدێرندا زۆر بەرچاوە، ڕەچاوکردنی بنەڕەتی جۆراوجۆری واتاکانی بەرهەمی ئەدەبییە؛ هونەر بەگشتی ڕەسەنایەتی بە واتایەکی تاک ڕەهەند و تاقانە نادات. لە دەقی شیعری (شێت)دا ئەم کارە بە باشی جێبەجێ کراوە؛ بە هۆی تەکنیکی ئەدەبی جۆراوجۆر و گەمەی زمانی تایبەتەوە، دیاردەی ئیبهام تا ئاستی ئیبهامێکی هونەری هەڵکشاوە.

ئەم دوو تایبەتمەندییەی کە باس کران، شتێک نین کە یەکپڕ و لە ناکاو خزابێتنە جانتای ئەدەبی کوردییەوە، بەڵکو بەرهەمی ڕەوت و لیکۆژێکی مێژوویین. لە ئەدەبی کلاسیکدا، هەرچی دەق ڕەوانتر بووایە، لە دڵان نزیکتر بوو، ئەگەر جوانکارییەکیش هاتبا گۆڕێ، تەنیا بۆ یارمەتیدانی ئەو ڕەوانبێژییە بوو؛ تەنانەت دەقێکی گرانی وەک (خاقانی)ش تەنیا لە سۆنگەی وشەی نامۆ، بێگانە و پسپۆڕانەدا ئاڵۆز بووبوو، دەنا ئەم تایبەتمەندییانە بە مەبەستی بەرجەستەکردنەوەی لایەنی هونەری لە ڕێگەی دوو تایبەتمەندی گۆڕیندا نەدەهاتنە پانتایی شیعرەوە و ئەگەر بەیتێکیش خاوەنی دوو مانا بووایە، بەرهەمی ئیبهام بوو کە تەنیا یەکێک لە جۆرەکانی ئیبهامە. دوای شیعری کلاسیک لە شیعری شێوازی (گۆران)یشدا ئەم تایبەتمەندییە هەر مایەوە، تازەگەری گۆران لە بواری نەبوونی یەکجارەکی واتایی و تەماویدا نەبوو(٥). شیعری سوارە ئێلخانیزادە بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە وێنەی تایبەت و ڕەمزەوە تا ڕادەیەک توانی ئەم دیاردانە نیشان بدات، لە شێوازی ڕوانگەشدا بە هۆی ڕەسەنایەتی دان بە هەردوو لایەنی ستوونی و ئاسۆیی شیعر، ئەم دیاردانە دیسان پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە بینی، بەڵام لە شیعری سەردەمدا و بە تایبەتی لە شیعری (شێت)دا ئەم خاڵانە وەک لایەنی بە هێز و ئەرێنی دەق هاتوونەتە کایەوە.

(٢)

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین شیعرێک لە شیعرەکانی یوونس ڕەزایی لێکدەینەوە(٦) کە هەڵگری هەر دوو تایبەتمەندییەکەی سەرەوەیە و تا ئەو جێیەی بۆمان بلوێ نیشانی دەدەین کە دەبێ لە ئاستی وەها دەقێکدا چۆن هەڵوێست بگرین. سەرەتا دەقی شیعرەکە.

**دەفی بێ دەنگی(٧)**
**شارێک لەگەڵ هەتاو نووستوو**
**نە تیشکێک قاڵ بە تەلی کازیوەیەوە**
**نە تینێک لە دەماری گەڕاوە...سبەی**

**حەشیمەتی بێدەنگ دەڕژێ لەم دەڤەرە**
**کە گوێی چرکەکان پەردەی بێ شەرمی وەلانێ و**
**سروودێکی دیکە بژی**
**نەتەوەی خاکی بێ هەرێم و بێ کەوشەن.**

**نووستبوو کازیوەی خاکێک...لە مێژوودا**
**ترەکیوە**
**لە بست بە بستی دەنگیدا.. شەوەزەنگێک.. عارەفانە**

**چ عیرفانێکە دەوەرێ لە بێدەنگی**
**چ حەشیمەتێک دەبارێ لە لەشی شەهیدی دەفێک**
**کە مانی گرتووە لە کەوشەنی چرکەکان.**

**تەلی بێدەنگی؛ پەردەی تاو**
**قالقاڵ دەکا**
**بە سەر گەرای شەوی خاکێکدا، کە مێژووی**
**شەداری کفنی شەهیدێک**
**ئاپۆرەیەک:**
**دەفی بێدەنگی لێ دەدەن لەو هەرێمە و**
**سروودی نەتەوەیی لاڵ**
**گوێچکەی کازیوەی ڕووناکتر...**

**ڕاشکاوە تاریکایی...زیاتر لە دوو بەتڵێ ئێستا**
**ڕاشەکاوە سوورایی زام ... بارتەقای سنووری خەنجەر**
**شار شـەهیـدێکە بێ شـەرم وەلای ناوە... ڕابردووی خۆی**
**و لەگەڵ هەتاو نووستووە**
**گەرموئاور**

بە پێی بۆچوونی جـاناتان کـالێـر(٨)، لە پرۆسـەی ڕاڤـەکـردنی دەقـدا، خـوێنەر سێ هەنگاوی گـرینگ هەڵدێنێـتـەوە و سێ ڕەهەندی واتایی لە خـوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا تێـدەپەڕێنێت(٩)، ئەگەرچی بە ڕواڵەت ئەم ڕەهەندانە لە خوێندنەوەدا جیـا نین و هەڤڕا ئەنجام دەدرێن، بەڵام ڕاستـیـیـەکـەی جیـان؛ ئێـمـە لە مـەودای خـوێندنەوەکـەمـاندا هەوڵ دەدەین ئەم ڕەهەندانە جیـا بکەینەوە:

**ڕەهەندی یەکەم:**

ئاسـتی یەکـەم، ئاسـتی مـانای یەک وشـەیە. لەم قۆناغەدا لەگەڵ مانای وشەکان سەروکارمان هەیە، یەکەم هەنگاو ئەوەیە کـە خـوێنەر لانی کـەم مـانای هەمـوو وشـەکـان بۆ خـۆی ڕوون بکاتەوە و ئەگـەر لە درێژەی خـوێندنەوەکەدا تووشی وشـەیەک هات کـە مـاناکـەی ئاشکرا نییە، دەبێ پێیدا بێتەوە و لە ڕێگەی فەرهەنگی وشە، پرسیـار و ...تاد مـاناکەی دیاری بکات، خوێنەر دەبێ بتـوانێ هەمـوو نیـشـانەکـان بگەڕێنێـتـەوە سـەر مـەدلوول، یان مـەدلوولەکـانی خـۆیان؛ ئەگـەر مـانای وشـەیەک شـاراوە، یان گوم بێ، یان ماناکەی نەزانرێ، ئەوە کـۆی پرۆسـەی خـوێندنەوە تووشی شکست دەبێ، چونکە هەر وشەیەک لە شیعردا خاوەنی ڕۆڵی تایبەت بە خۆیەتی.

ئەم شیـعرەش وەک هەمـوو شیـعرێکی دیکە لە وشە پێکهـاتووە، بەڵام ئەوەی گـرینگە مـانای وشـەکـان تا ڕادەیەکی زۆر ئاشکرا و دیارن، نە لە وشەی زۆر تەریک کەوتوو(١٠) کەڵک وەرگیراوە، نە زۆر پسپۆرانە، ئەگەر خوێنەرێکی ئاساییش ئەم وشانەی بەر گوێ بکەوێ، ئەوە ڕەنگە مـاناکـەیان بە باشی بزانێ و گـرفـتـێکی ئەوتۆی نەبێ، ئەمـە خـاڵێکی گرینگە کـە زۆرینەی وشـەکـان لە خەزێنەی زمانی ئاسایی و پراکتیکی کۆمەڵگەوە دزەیان کردووەتە ناو شیعری (شێت)ـەوە بەڵام فۆرمێکی ئەدەبی لێـــوەشـــاوە و بە توانایی وێڕای ئەزمـــوونی بە نرخ، توانیویەتی ئەم تایبەمەندییە بخوڵقێنێ؛ کەرەستە هەر کـەرەسـتـەی ئاسـاییـە، بەڵام فـۆرمی دەربڕین و نامـۆ کـردنەوەی لەم چەشنە، دەتوانێ وەها دەقـێک بێنێـتـە ئەفراندن. تا ئێرە ئێمە وەک خوێنەر کێشەیەکی ئەوتۆمان لەگەڵ مانای ئەم شیعرەدا نییە.

**ڕەهەندی دووەم:**

ئاسـتی دووەم، مـانای گـوتە، وتە، یان ڕسـتـەیە. جـمـوجـووڵی سـەرەکی دوای ئەوەی کـە مـانای هەمـوو وشەکانمان بۆ ڕوون بووەوە؛ دەست پێ دەکات. لە گوتەدا دەبێ چەند تێبـینی لەبەر چاو بگیـرێ، یەکـەم ئەوەی کە دەبێ هەموو مانا ڕێتێچووەکانی وشە لە بەرهەمهێنانی مـانای گـوتەدا لەبەر چاو بگیـرێن، دووەم ئەوەی کـە زۆر جار وشەکـان، ماناکـانیان لە ڕۆڵی خۆیان لە ڕستـەدا وەردەگرن و نابێ ئەم خاڵە لە بیر بکرێ.

ئێمە لە درێژەی خوێندنەوەدا وتە بە وتە دەچینە پێش و تا ئەو جـێگایەی بۆمـان بلوێ، مـاناکـانیـان ڕوون دەکەینەوە.

**دەفی بێدەنگی**

ئەم وتەیە سەردێڕی شیعرەکەیە.

* هەروەک دەبینین بێـدەنگی بە دەف شـوبهێنراوە. لە لایەکی دیکەشەوە دەزانین کە تایبـەتمەندی ئامێری دەف ئەو خرۆشەیە کە هەیەتی و ئەگەر بە ئاستەم بجووڵێتەوە دەنگی لێ پەیدا دەبێ، کـەوایە تا ڕادەیەکی زۆر لەگـەڵ پارادۆکـسـێکی بە هێـز بەرەوڕووین، لە پارادۆکـسـدا هەرچی لایەنەکـان مـەودایان زیاتر بێ، پارادۆکـسـەکـە هونەریتـرە، لێـرەدا دەف وەک ڕەمـزی دەنگ و ڕسکان هاتووەتە کـایەوە و لایەنێکی جـوانیناسـانەی بە هێـزی پەیدا کردووە.

* مـــانای دووەمی دەف (لە لای یەک) بوونە، واتە چەند بێدەنگی لە لای یەک، یان چەند بێدەنگی پێکەوە.

* مـــانایەکی دیکەی دەف دەتوانێ (پەلە) بێ، واتە بێدەنگییەکی بەپەلە.

**شارێک لەگەڵ هەتاو نووستوو**

* لەم ڕستەیەدا کەسایەتی دانێک (personification) خۆی نیشان داوە شار بووەتە مرۆڤێک و دەخەوێ. لێرەدا وشەی نووستن دەتوانێ دوو لایەنی هەبێ یەکیان ئەوەی کە شار وێڕای هەتاو دەخەوێ و لە بێدەنگی و تاریکیدا نوقم دەبێ و دووەمیان ئەوەی شار وەک شاژنێک ئاوێزانی هەتاو دەبێ و دواتر ڕەنگە ڕووناکی بزێ.

**نە تیشکێک قاڵ بە تەلی کازیوەیەوە.**

* کازیوە بە تەل شوبهاوە و تیشک وەک زێڕێکی قاڵ بە تەلەکەوە.
* ئەم هەتاوە کە لەگەڵ شار ئاوێزانی یەکتری بوون، خاوەنی تیشکە، بەڵام تیشکێکی نەزۆک، تیشکێک کە ناتوانێ هاوڕێیی کازیوە بکات.
* ئەگەر جێناوی (وە)ش لەبەر چاو بگرین و بگێڕینەوە بۆ شار، واتە کازیوەی شار، ئەوە بە مانای ئەوەیە کە تیشک، یان گەرمایەکی وای نییە. تیشکی ئەم کازیوەیە و لەشی شار سەرمابردوویەتی.
* هەروەها ئەگەر تەل وەک بەشێک لە تار و کەمان و...تاد لە بەر چاو بگرین، کازیوە دەتوانێ خواژنێکی مۆسیقاژەن، یان تارژەنێک بێ کە دەنگێک لە ئامێرەکەیەوە نایە و تین و گەرمایی نەماوە.
* کازیوە بە مانای بوولێڵەی بەیانییە. دەتوانین ئەم ڕستەیە ئاوا لێک دەینەوە: بەیانییەکی سارد.
* شەوێک کە بەیانیی بۆ نییە و ئەو بەیانییەی کە هەیە وەک کاروان کوژە درۆزنە.

**نە تینێک لە دەماری گەڕاوە...سبەی**

* سبەی بە کەسێکی کەسیرە شوبهاوە کە نیوە گیان و سەرما بردوویە و تینی هیچ هیوایەک لەم فەزا مردووەدا گەرمی ناکاتەوە.
* ئەگەریش جێناوی(وە) بگێڕینەوە بۆ شار دەتوانێ بە مانای ئەوەش بێ کە سبەینان بە هۆی ساردی تیشکییەوە، ئەوە کازیوە ناتوانێ هیچ تینێک بکاتە دەماری سڕ و مردووی ئەم شارەوە.

ئەمە کۆپلەی یەکەم بوو کە شاعیر سەرکەوتووانە توانیویەتی فەزایەکی ئاوا وێنا بکات. هەم شار نوستووە و هەم هەتاو، کە وایە نە گەرما هەیە، نەدەنگ، نە جووڵە، هەموو شت وەستاوە.

**حەشیمەتی بێدەنگ دەڕژێ لەم دەڤەرە**

* حەشیمەت بە چۆمێک، یان ڕووبارێک شوبهێنراون.
* ڕژان بریتییە لە بێ ئیرادەیی ئاو؛ بۆ خۆی ناڕژێ، بەڵکو بە پێی دەفر و دۆخ جێگۆڕکێی پێ دەکرێ.

**که گوێی چرکەکان پەردەی بێ شەرمی وەلانێ و**

* گوێی چرکە ئیزافەی خوازەییە. چرکە بە بوونەوەرێکی زیندوو شوبهێنراوە و دواتر تەنیا گوێەکانی داوا کراون.
* پەردەی بێشەرمی ئیزافەی تەشبیهییە.
* چرکە جگە لە کەمترین کات، مانای کەمترین جووڵەشی هەیە.
* ئێستا کاتی ئەوەیە گوێی چرکەکان ئەم پەردەی بێدەنگییە بدڕێنێ و دەرفەتی چرکە ساتیش لە کیس نەدات بۆ جووڵە و تەکان. کۆی چرکەکان دەبنە حەشیمەت.
* لە زمانی کوردیدا دەستەواژەی پەردەی شەرم هەیە، بەڵام پەردەی بێ شەرمی کارکردێکی تازەی هەیە و بە هۆی ئەو کارکردە تازەیەشەوە توانیویەتی ئاشنایی سڕینەوە لە ڕوخساری ئەم دەستەواژەیە بکرێ کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر.

**سروودێکی دیکە بژی**

**نەتەوەی خاکی بێ هەرێم و بێ کەوشەن.**

ئەگەر وای دانێین دەنگ ژیان بێ، کە وایە سروودێکی دیکە دەتوانێ شێوازی ژیانێکی دیکە بێ بە دەنگێکی دیکەوە.

دەتوانین ئەم کۆپلەیە بەم شێوەیە داڕێژینەوە:

**کە (ئەگەر) گوێی چرکەکان پەردەی بێ شەرمی وەلانێ و سروودێکی دیکە بژی**

**نەتەوەی خاکی بێ هەرێم و بێ کەوشەن.**

**(ئەوە) حەشیمەتی بێدەنگ دەڕژێ لەم دەڤەرە**

هەروەک دەبینین بەم جێگۆڕکێیە، مانای کۆپلەکە باشتر خۆی دەردەخات.

**نوستبوو کازیوەی خاکێک...لە مێژوودا**

* کازیوە دەتوانێ خوازە بێ بۆ هیوا.
* خاک مانای مەجازی هەیە و وەک شار هاتووەتە کایەوە. کازیوەی ئەم شارەش دەتوانێ جووڵە بێ و دەتوانێ دەنگیش بێ کە بە درێژایی مێژوو خەوتووە.

**ترەکیوە**

**لە بست بە بستی دەنگی دا.. شەوەزەنگێک.. عارەفانە**

* وشەی ترەکین زیاتر بۆ ئەو گیانلەبەرانە بەکاردێت کە بە زگێک چەند بێچوویان پێکەوە دەبێ وەک سەگ، بەراز، پشیلە و...تاد.
* شەوەزەنگێک کە بە درێژایی مێژوو وەسەر ئەم خاکە کشاوە ئێستا لە بست بەبستی دەنگ و نووری ئەم خاکەدا ترەکیوە، منداڵەکانیشی وەک گەرایەک بەم وڵاتەدا بڵاو بوونەتەوە و تاریکی و بێدەنگی هەردەم چڕتر دەبێتەوە. وشەی عارفانە (سیفەتی شەوەزەنگ) لێرەدا بە مانای شەوێکی بێدارە کە ئێزن بە هیچ

ڕووناکییەک نادات سەر وەدەرنێت، یان شەوێکی وەک شەوی عارفان درێژ و بێ کۆتا.

* ئەگەر مانای ئەرێنی بە شەوەزەنگ بدەین و پێمان وابێ دوای هەموو تاریکاییەک ڕووناکییەک بەرهەم دێ، ئەوە بە مانای ئەوەیە کە کازیوە وەک بەشێک لە شەو ترەکیوە و وەچەکانی خەریکن دوای شەوێکی درێژی عارفانە، لە دەنگیاندا نوورێک سەر هەڵدەدات، هەروەک دەبینین لەگەڵ دوو مانای تەواو لێکدژ بەرەوڕووین.

**چ عیرفانێکە دەوەرێ لە بێدەنگی**

* وشەی وەرین بۆ شوێنێک بەکاردێت کە تا ئێستا ڕاوەستا و سەقامگیر بووە و ئێستا توێژ و لەتی لێ جیا دەبێتەوە. ئەم کردارە بۆ درەخت و شاخ و کەندەڵان و میچ و...تاد بە کار دێت، کە وایە بێدەنگی دەتوانێ بە هەر کام لە وانە شوبهێنرابێ و خەریکی ڕمان و لە ناو چوونە.

*ئەگەر عیرفان لایەنی ئەرێنی هەبێ، دەبێ بڵێین بەرهەمی ئەو بێدەنگییە کە لە داری عیرفانەوە دەوەرێ، میوەی ناسین و بە خۆدا هاتنەوەیە.

*ئەگەریش مانای شەوەزەنگی عارفانەی هەبێ، دەتوانێ ماناکەی ئاوا بێ کە دار و بەردی نەهامەتی لە بن میچ، یان کەندەڵانی تاریکییەوە بەردەوام خەریکی بارینە و چرۆی هیوایەک نابینین.

**چ حەشیمەتێک دەبارێ لە لەشی شەهیدی دەفێک**
**کە مانی گرتووە لە کەوشەنی چرکەکان.**

* کەسایەتی دراوە بە دەف.

* حەشیمەت خوازەیە بۆ دەنگ.

ئەگەر لایەنی ئەرێنی بە وشەی حەشیمەت بدەین، دەتوانێ ماناکەی ئەوە بێ کە دەف بە خرۆشی خۆی حەشیمەتی دەنگی وەخەبەر هێناوە. چرکە مانای جووڵە و دەنگێکی کەمیشی هەیە، حەشیمەت و دەف خوازیاری تێپەڕین لەو ئاستە نزمەن و بە هەوبای باوی خۆشترن.

ئەگەریش لایەنی نەرێنی پێ بدەین، بە مانای ئەوەیە کە دەفەکە نەماوە و شکاوە و ئەم جار لە جیاتی دەنگ، بێدەنگی لێ دەبارێ.

**تەلی بێدەنگی؛ پەردەی تاو**
**قاڵقاڵ دەکا**
**بەسەر گەرای شەوی خاکێکدا، کە مێژووی**
**شەداری کفنی شەهیدێک**

* بێدەنگی بە تەل شوبهاوە. وەک ئامرازێکی کون کردن ئەو پەردەیەی کە لە سەختڵەت سەرمایە و بەری ڕۆژی گرتووە، دەتاوێنێتەوە و تیشک و هیوا و ئومێد و گەرما دێنێتەوە. تکەی تاوانەوەی هەتاوەکە بەسەر ئەو گەرایەدا دەتکێ کە شەو تێیدا چانراوە، ئەو خاکەی کە مێژووییەکەی بەردەوام دووپات دەبێتەوە.

* ئەگەر ئاوای دانێین کە ئەم تەلە پەردەی هەتاوی دەنگ و نوور کون دەکاو بەسەر گەرای شەو دەیتاوێنێتەوە، ئەوە بە مانای ئەوەیە کە شەو دیسان درێژتر و دووپاتە و چەند پاتە دەبێتەوە.

* یان دەتوانین بڵێین تەلی بێدەنگی پەردەی هەتاو دەدڕێنێ و گەرما و نووری لێ دەستێنێتەوە.

* ئەگەر تەل بە بەشێک لە ئامێری مۆسیقا بزانین وەک (تار و سێ تار و ڤیۆلۆن و...تاد) دەتوانێ ڕەمزی جووڵە بێ، چونکە لەو ئامێرانەشدا تەنیا سیمەکە دەجووڵێ و بەشەکانی دیکە وەجووڵە دەخات. ئەم جووڵەیە دەتوانێ بە هۆی ئێستێتیکاکەوە گەرمایەک بەدی بێنێ پەردەی(بەشێک لە ئامێرەکە) نەهامەتی قاڵ بکا و...

**ئاپۆرەیەک:**
**دەفی بێدەنگی لێ دەدەن لەو هەرێمە و**
**سروودی نەتەوەیی لاڵ**
**گوێچکەی کازیوەی ڕووناکتر...**

* ئاپۆرەی ئەم خەڵکە خەریکن لە تەپڵی بێدەنگی دەکوتن و پەرە بە بێدەنگی دەدەن. لە وەها ساتێکدا ئاواز و دەنگی ئەم کەسانە کە لاڵە، لاڵییەکەی زیاتر بەرچاوەو دەنگی هیوا کپ و بێدەنگ دەکات.

* ئاپۆرەیەک خەریکی کوتانی دەفن و چاویان لە ئاسۆ بڕیوە، چونکە دەراوێکی ڕوون نیشان دەدا.

**ڕاشکاوە تاریکایی... زیاتر لە دوو بەتڵی ئێستا**

* ڕاشکاوە شەو و ماوەیەکی زۆری نەماوە، تا ئێستا کە دوو بەتڵ، واتە دوو بەشی تێپەڕیوە و ماوەیەکی زۆری نەماوە.

* شەو هەروا درێژەی هەیە. ڕاستە دوو بەتڵی تێپەڕیوە، بەڵام دیار نییە چەندی ماوە. وێ دەچێ زۆر بخایەنێ. لەگەڵ دوو مانای جیاواز بەرەوڕووین.

**ڕاشەکاوە سوورایی زام ...بارتەقای سنووری خەنجەر**

* سوورایی زام لە شەکانەوەدایە و خەریکە بەرەو سنووری ترازان دەڕوا. خەنجەر خوازەیە بۆ ترازاندن.

* زام خەریکە قووڵتر دەبێتەوە و زەخمی کۆنە برین بە خەنجەر زیاتر کولاوەتەوە و تەشەنەی کردووە. لێرەشدا لەگەڵ دوو مانای دژ بە یەک بەرەوڕووین.

**شار شەهیدێکە بێ شەرم وەلای ناوە... ڕابردووی خۆی**
**و لەگەڵ هەتاو نووستووە**
**گەرموئاور**

* ئەگەر لایەنی نەرێنی بە وشەی بێ شەرمی بدەین، دەتوانێ ماناکە ئەوە بێ کە شار پشتی لە مێژووی پڕ کارەساتی خۆی کردووە و خەریکی کەیف و ئاهەنگی خۆیەتی

* ئەگەریش مانای ئەرێنی پێ بدەین، دەتوانێ مانای چاوسووری و نەترسی پەیدا بکات و بە مانای ئەوە بێ کە خەریکە کۆشش دەکات خۆی لەگەڵ هیوا و گەرمایی و ڕووناکایی بە ئامانج بگەیەنێ و بیر لە ڕابوردوو نەکاتەوە.

نووستنی هەتاو و شار دەمانباتەوە سەرەتای شیعرەکە و دیسان گەڕیانی مانایی دووپات دەبێتەوە و...

هەروەک دیمان لە هیچ کام لەم وتانەدا مانایەکی تاک و ڕەها بە دەستەوە نادرێ؛ تەنانەت چەند واتاشمان نییە کە هەموویان ئاشکرا و ڕوون بن و ئەوە بۆ کۆی شیعرەکەش گشتگیرە. ئەم دیاردەیە کارێکی وای کردووە دەقەکە بەرەو ئاستی ئیبهامێکی هونەرمەندانە بازوات. لێرەوە ئاستی سێیەم دەست پێ دەکات.

**ڕەهەندی سێیەم:**

دوای ئەوەی کە مانای ڕستە و وتەکانمان تا ڕادەیەک ڕوون کردەوە، دێینە سەر ئاستی سێیەمی مانایی کە ئەویش مانای دەقە، مانای دەق لە ڕستەیەک و دووان و سێیاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر ئەو لایەنە دەکات کە دەقی خوێنراوە تا چ ئاستێک توانیویەتی کاریگەری و کارتێکەری خۆی لەسەر خوێنەر هەبێ، ئەم مانایە لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە جیاوازی هەیە. بە پێی خوێنەر و ئاستی خوێنەر مانا خۆی دەگۆڕێ و بە لەونێکی دیکە خۆی نیشان دەدات، واتە بە ڕێژەی خوێنەر دەتوانێ کارتێکەری هەبێ.

هەندێک چەمک لەم دەقەدا ئاراستە کراون کە خوێنەر هان دەدەن بیریان لێ بکاتەوە. ڕەنگە خوێنەر بیر لەو دیالێکتیکە دوو قوڵییە بکاتەوە کە لە نێوان (بێدەنگی/دەنگ) و (تاریکایی/نوور)یان (گەرما/سەرما) لە ئارا دایە، ڕەنگە بیر لە شەقام و ژیان بکاتەوە، ڕەنگە بیر لە ئوستوورە، کۆمەڵگە، مۆسیقا و...تاد بکاتەوە. ڕەنگە خوێنەرێکی دیکە بیەوێ دەق هەڵوەشێنێتەوە و باسی ئەم دووانە لێکدژانەی سەرەوە بکات. هەمووی ئەوانە دوای ئاستی دووەم ڕوودەدەن و پێوەندی بە خوێنەرەوە هەیە کامیان هەڵبژێرێ.خوێنەر دەتوانێ کاریگەری لە دەق وەربگرێ و ئەوەی گرینگە ئەوەیە؛ خودی ئەم کاریگەرییە بەشێکە لە واتای دەق.

لە کۆتاییدا وەبیری دێنمەوە: دەق، دیاردەیەکی تاقانەیە کە بە هۆی نووسەرێکەوە بەرهەم هاتووە و ماناکەی لە ڕستەیەک و گوزارەیەک و دووان و سێیان و... دا کورت ناکرێتەوە. ئەوەی کە گرینگە توانایی لەناخدا هەڵگری دەقە بۆ کاریگەری و کارتێکەری لەسەر خوێنەران، هەر ئەم کاریگەرییەش بەشێکە لە مانای دەق.

**پەراوێز:**

١- بڕواننە وتاری (وشە، هەڵگری ریسالەتی تریفە)، ڕەهبەر مەحموود زادە.

٢- indeterminacy عدم قطعیت معنایی.

٣- ambiguity

٤- عیوب فصاحت لە بەشی (تعقید معنوی) دا بڕواننە (معانی و بیان)ی عەلەوەی موقەددەم و ئەشرەف زادە .

٥- تازەگەری گۆران زیاتر لایەنی فۆرم و ناوەرۆکی دەپێکا، تەنانەت دەبێ بڵێین لە بواری مانابیەوە لە شیعری کلاسیکیش ساکارترە. بڕواننە (تاپۆ و بوومەلێڵ) لاپەڕەی ١٩٢ ئەو جێیەی سوارە، وەفایی و گۆران لە بواری ماناییەوە هەڵدەسەنگێنێ.

٦- هەڵبەت ئەوە لێکدانەوەی منە وەک یەکێک لە خوێنەرەکانی ئەو دەقە؛ خوێنەرانی دیش دەتوانن لە ڕێگای تایبەتی خۆیانەوە مانای تایبەتی خۆیان لە پانتایی ئەم دەقەدا بدۆزنەوە.

٧- من ئەم شیعرەم بە چاپ کراوی نەدیوە، لە وێبلاگی شاعیرەوە هەڵم گرتووە.

٨- Jonathan culler

٩- نظریەی ادبی (معرفی بسیار مختصر)، جاناتان کالر، ترجمەی فرزانە طاهری، نشر مرکز، چاپ دوم ١٣٨٥، لاپەڕەی ٧٦.

١٠- مهجور.

**سەرچاوەکان:**

١- هەنبانە بۆرینە، هەژار، انتشارات سروش، ١٣٦٩.

٢- تاپۆ و بوومەلێڵ، سوارە ئیلخانی زادە، بڵاو کەرەوەی پانیز، چاپی یەکەم، ١٣٨٣.

٣- ڕەهبەر مەحموود زادە، (وشە، هەڵگری ریسالەتی تریفە).

٤- نظریەی ادبی (معرفی بسیار مختصر)، جاناتان کالر، ترجمەی فرزانە طاهری، نشر مرکز، چاپ دوم ١٣٨٥.

٥- معانی و بیان، علوی مقدم و اشرف زادە، انتشارات سمت، چاپ دوم، ١٣٧٩.

٦- دانش نامەی نقد ادبی (از افلاتون تا بارت)، دکتر بهرام مقدادی، نشر چشمە، چاپ اول ١٣٩٣.